
The blue line was the former stream of flooding, but was filled and Zaitun City as well as Zaitun Plus project were constructed on the site, MP Ali Hama Salih said.


Throwing construction materials to fill what was a flooding pathway.

## بەڕێز: سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان

## بابەت: یاداشت

**سڵاو و ڕێز...**

داواکارم لە بەڕێزتان ئەم یاداشتە ئاراستەی وەزارەتی شارەوانی و گشت و گوزار بکەن، تایبەت ئەو ڕێڕەوەی بۆ ڕۆشتنی ئاوی باراناو لە گوندی (باغەرە ڕەقە) دێت، ڕێڕوێکی ئاوی فراوانبووەو پێشتریش لافاوی زۆر هەبووەو گرفتی ئەو تۆ بۆ هاولاتیان دروستەبووە.

هۆکاری سەرەکی دروستبوونی لافاو، پڕکردنەوەی ڕێڕەوەکان بووە لە چەندین شووێنی جیاوازدا:

**دوای ساڵی ٢٠١٠، لە دەشتایەکەی تەنیشت دارەتوو پرۆژەی زەیتونە دەستپێکردو دواتر زەیتونە پلەس، قۆناغ قۆناغ ڕێڕەوی سەرەکی ئاوەکەی پڕکردەوە لە نەخشەکەدا دیارە.**

**دواتریش پرۆژەی ئاوێنەی شار دروستکرا، بەردەمی چەندین ڕێڕەوی ئاوی گرت.**

بەدروستکردنی ئەم دوو شارە قۆناغ قۆناغ، بەردەمی ئەو ئاوەڕۆیانە گیرا سەرچاوەکانیان زورگەکانی دارەتوو و بنەسلاوە دێنە خوارێ.

کە ڕێڕەوی ئاوەکە گیرا، ئاوەکەش بەئاراستەی دارەتوو ڕۆشت، لە نزیك (پیشەسازی دارەتوو)، رژایە ناو ئەو ڕێڕەوە ئاویەی لە (گرە سۆرەوە) دێت، ئەویش لە پشت پیشەسازی دارەتوو لەگەڵ بەستی (باغەمرە رەقە) تێکەڵ دەبێت، نزیك ماڵەکانی کەرتی(٢– ٣) نیشتیمان، ئیدی لەوێوە رۆشت بەرەو ماڵەکان و لە ئیستعابی کەندەکە نەبوو.

بەرپرسی یەکەم پرۆژەی زەیتونەیە، کە تەنانەت بۆ ئاسانی هاتوچۆی خۆیان ڕێگایان لە نێو بەستەکە دروستکرد وەك سەدە ! چەندین جاریش خەڵکی ناوچەکە سکالأیان کردووە سوودی نەبووە؟

– لە سەر ئەو ئاوەڕۆیەی لە گەرەکی رۆشنبیری دێت بۆ ژیان، لەخوار شەقامی خەدەمی ١٢٠ مەتری، پێشتر ئاوەڕۆکە ١٠٠ مەتر دەبوو، سێ مانگ بە بەردەوام پڕیان کردووەوە کرا بە پرۆژەی بازرگانی، بەمەش ڕێڕەی ئاوەکە بەتەواوی بچوکبویەوە..

**له قوشتەپە پێشنگای ئۆتۆمبیل لەسەر ڕێڕەوی ئاوەکە دروستکرابوو.**

–لەسەر ڕێگای کەرکوك دەسوڕێیتەوە بۆ دارەتوو، شوتنگەو مارکێت و کافتریا و بەنزینخانە ڕێك لەسەر ئاوەڕۆ دروستکرابوو، هۆکاربوو بۆ گەڕانەوەی ئاو بۆ بەشە ناخۆی شەهید شەوکەت شێخ یەزدین و پشتەوە.

–هەر لەسەر ڕێگای سەرەکی کرکوك – دارەتوو، بینایەکی گەراج دروستکراوە، بووە بەربەست لە تێپەڕبوونی ئاوی گەڕەکی ڕۆشنبیری و ئەمەش هۆکاربوو بۆ ئەوەی ئاوبچێتەماڵەکانی گەڕەکی ڕۆشنبیری.

**چارەنووسی لیژنەی لێکۆڵینەوە لە لافاوەکەی پێشوو:**

بەپێی راپۆرتی لێژنەیەکی لێکۆڵینەوە لەپارێزگای هەولێر، لەدروستبوونی لافاوەکەی مانگی ڕابردووی شاری هەولێر خاوەنی حەوت پرۆژە زێدەڕۆیان کردبووە سەر ڕێڕەوی ئاوی باران و ئاوەڕۆی ئەو پرۆژانەی دەکەونە دەرەوەی شەقامی ١٥٠ مەتری هەولێر.

پارێزگای هەولێر لێژنەیەکی لێکۆڵینەوەی لەسەر لافاوەکەی رۆژی ٣٠ ئۆکتۆبەری ئەمساڵ پێکهێنا بۆ لێکۆڵینەوە لەهۆکارەکانی دروستبوونی لافاو و زیانمەندبوونی ژمارەیەکی زۆر لەهاوڵاتیانی شارەکانی زێڕین و گوندی کۆری.

بەپێی دەرەنجامی راپۆرتەکەی پارێزگای هەولێر ئەو لایانانەی کە تۆمەتبارن بەپڕکردنەوەی بەشێك لەئاوەڕۆکانی ئەو ناوچانە بریتین لە ("پرۆژەی شاری زێڕین، پرۆژەی شاری بەفرین، پرۆژەی تارین، پرۆژەی گۆڵدن تاوەر، پرۆژەیەکی حەوزی ماسی، لەگەڵ چەند مەزرەعەیەك) کە بەشێوەی زێدەڕۆ ڕێڕەوی ئاوی بارانیان پڕکردۆتەوەو ئەو مەزرەعانەیان لەسەر دروستکردوون. تا ئێستا لێپێچینەوەی یاساییان بەرامبەر نەکراوە.

تەنها خاوەنی پرۆژەی شاری زێرین دەستگیر کرا دوای وەرگرتنی بەڵێنامە ئازادکرا.

داوا دەکەم بەزووترین کات لێپێچینەوەی یاساییان بەرامبەر هەموو ئەو کەسانە بکرێت بە هۆکاری دروست بوونی ئەم لافاوە بوون

قەربووی زیان لێکەوتوان بکرێتەوە لە لایەن ئەو کەسانەوە


هاوپێچ: لەم سێ نەخشەدا نیشان دەدرێت کە چۆن ڕێرەوی ئاوەکە پڕکراوەتەوە و دواجار پرۆژەی نیشتەجێبوونی لەسەر دروست کراوە کە ئەمەش هۆکاری دروستبوونی لافاوەکەیە.

**لەگەڵ ڕێزدا...**

**عەلی حەمە ساڵح**

**ئەندامی پەرلەمانی کوردستان**




فڕێدانی پاشماوە
prepaer by Twana Hamad


پاشماوەی پرۆژەکان
prepaerd by Twana Hamad